# هەڵبژاردنی پارێزگاکان: پاڵەپەستۆی لیستە شیعەکان بۆ شارە سوننەنشینەکان

05-10-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی 18ی دیسەمبەری 2023دا، دانیشتوانی پارێزگا سوننە نشینەکان بۆ یەکەمجار لە پاش هەڵبژاردنی 2013 ، دوور لە هەژموونی گرووپە چەکدارە یاخییەکان و تارمایی تیرۆر دەچن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان. ئەم هەڵبژاردنە شەش ساڵ لە وادەی خۆی دواکەوتووە و لە دۆخێکی سیاسی نوێ دا ئەنجام دەدرێت کە دوو پێشهاتی سەرەکی بۆ پارێزگا سوننەنشینەکان تێدایە، یەکەمیان دەرکەوتنی هاوپەیمانێتی نوێیە بە ناواخنی کۆن و، دووەمیان کشانی لیست و هاوپەیمانی شیعەکان لە ئەم ناوچانەیە کە زیاتر لە ئەگەر و لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت.

**یاسین تەها**

لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی 18ی دیسەمبەری 2023دا، دانیشتوانی پارێزگا سوننە نشینەکان بۆ یەکەمجار لە پاش هەڵبژاردنی 2013 ، دوور لە هەژموونی گرووپە چەکدارە یاخییەکان و تارمایی تیرۆر دەچن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان. ئەم هەڵبژاردنە شەش ساڵ لە وادەی خۆی دواکەوتووە و لە دۆخێکی سیاسی نوێ دا ئەنجام دەدرێت کە دوو پێشهاتی سەرەکی بۆ پارێزگا سوننەنشینەکان تێدایە، یەکەمیان دەرکەوتنی هاوپەیمانێتی نوێیە بە ناواخنی کۆن و، دووەمیان کشانی لیست و هاوپەیمانی شیعەکان لە ئەم ناوچانەیە کە زیاتر لە ئەگەر و لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت.

# ڕکابەرییە نوێیەکانی پارێزگا سوننەنشینەکان

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بۆ یەکەمجار هاوپەیمانییەك بەناوی "الحسم الوطني" کە یەکێك لە گەورەترین بەرە سیاسییەکانی سەر ئاستی عێراقە، ڕکابەری لەسەر کورسییەکانی پارێزگا سوننە نشینەکان لەگەڵ سێ بەرەی دیکەی هاوتای خۆی دەکات کە سەرەکیترینیان لیستەکەی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان "تقدم" ـە. سەرۆکی هاوپەیمانی "الحسم" تورکمانێکی سوننەی تەلەعفەرییە کە لە کابینەکەی سوودانی وەزیری بەرگرییە (ثابت العباسي)، لەکاتێکدا لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان (2021) بزووتنەوەکەی (الحسم الوطني) تەنیا سێ کورسی بەدەستهێنا ئەویش لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی "العزم" کە دواتر بۆ موسەننا سامەڕایی یەکلایی بوویەوە و بوونە ڕکابەری هاوپەیمانییەکەی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، و خەمیس خەنجەر سەرۆکی "السیادة".

بەرە نوێیەکەی "الحسم الوطني" بووەتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی زۆربەی هەڵۆکانی سوننە و کەسایەتییە ناسراوەکانی قۆناخەکانی پێشوو لەوانەش؛ ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی پێشووتری پەرلەمان، رافیع عیساوی جێگری پیشووتری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی، جەمال کەربولی، سەرۆکی حیزبی حەل و خاوەن چاکەی یەکەم لە پێشخستنی حەلبووسی بەر لەوەی ببنە نەیار و ڕکابەر، لەگەڵ کۆمەڵێك وەزیر و پەرلەمانتاری پێشووی پێکهاتەی سوننە.

ئەم هاوپەیمانییە یەکێکە لە چوار هاوپەیمانی سەرەکی کە لە پارێزگا سوننە نشینەکاندا کێبڕکێی سەرەکی دەکەن و لەهەوڵی ئەوەدان لەڕێی دەنگدەرانەوە ببنە نوێنەری پێکهاتەی سوننە کە ئێستا گیرۆدەی پەرتەوازەیی و لێکترازان و نەبوونی پرۆژەیەکی گشتگیری کۆکەرەوەیە. هاوپەیمانییەکانی دیکەش بریتین لە "تقدم" بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبووسی سەرۆکی پەرلەمان کە هەموو هەوڵە سیاسی و پەرلەمانییەکان بۆ لادانی لە پۆستەکەی گەیشتوونەتە بنبەست، لەگەڵ "السیادة"ی خەمیس خەنجەر و ڕکابەری هەردووکیشیان "العزم"ی موسەننا سامەڕاییە کە هاوپەیمان و نزیکی چوارچێوەی شیعییە.

چ هاوپەیمانییە تازەکە و چ ئەوەی "العزم"یش ئامانجی سەرەکییان ڕکابەریکردنی سەرۆکی پەرلەمانە کە پشت ئەستوور بە پۆستەکەی، لە قۆناخی پێشوودا شەقامی سوننەی کۆنترۆڵ کردووە. بەهیچ جۆرێکیش ڕازی نییە نەوە سیاسییە پێشووەکەی سوننە بەشدار بکات لە بڕیار و دەسکەوت، بەڵام ئێستا بەهۆی پێگەو توانای دارایی وەزیری بەرگریی سەرۆکی هاوپەیمانییە نوێیەکەوە (ثابت العباسي)، توشی ڕکابەری دیکە بووە، بەو پێیەی زۆرێك لە دەستەبژێری سوننەکان نایشارنەوە کە مەرجەعی باڵای ئەم پێکهاتەیە دەسەڵاتە، بەو مانایەی کە هەر هێز و کارەکتەرێکی سوننە لە پێگەی باڵادا بێت، چانسی هەیە زۆرترین جەماوەر لەخۆی کۆ بکاتەوە، بەتایبەت ئەگەر رایەڵەی بەهێزی پەیوەندیشی لەگەڵ هێزە شیعەکان و لەهەمان کاتیشدا تورکیا هەبێت کە ئەمەش بەشێکە لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی "الحسم" ی وەزیری بەرگری.

سەربارى هەوڵەکانی لاوازکردنیشی، هێشتا بەرەکەی سەرۆکی پەرلەمان بەهێز دەردەکەوێت بەتایبەت لە پێگەی خۆی کە پارێزگای ئەنبارە و لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمان دا (2021) تەنیا یەك کورسیی لەکۆی 15 کورسی پارێزگاکە لە کیس چوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەڵکشا بۆ پارێزگا سوننە نشینەکانی دیکە تا نەینەوا و باڵانسی خۆی بەرز کردەوە بۆ 37 کورسی لەکۆی 71 کورسی پێکهاتەی سوننە بە گشتی. ئێستا بە هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ "السیادة"ی خەمیس خەنجەری نزیك لە تورکیا و قەتەر، پێگەی خۆی لە پرۆسەی سیاسی عێراق دا هەیە، بەڵام بەهۆی سەختی ململانێکانەوە لەم هەڵبژاردنەدا، جیاواز لە جارانی دیکە زیاتر سەرنجی لەسەر ئەنبار و بەغدای پایتەختە، لە نەینەواش پشتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ حەشدی عەشایەری بەستووە.

# کشانی هێزە شیعەکان بۆ ناوچەکانی سوننە نشین

جگە لە رکابەرییە نێوخۆییەکانی سوننە پێشهاتێکی نوێی ئەم هەڵبژاردنە کشانی لیست و هاوپەیمانییە شیعەکانە بۆ ئەم پارێزگایانە. بۆ نموونە لە سەلاحەدین و کەرکوك چوارچێوەی شیعی بە لیستێکی یەکگرتوو رکابەری سوننەو لیستە کوردییەکان دەکەن، لەکاتێکدا لە پارێزگاکانی دیکە پەرتەوازەن. بەگوێرەی هەندێك لێکدانەوە و پێشبینیش هاوپەیمانییە شیعییەکە چاوی لەسەر سێ کورسدی سەلاحەدینە لە کۆی 15 کورسی.

لە ئەنباریش (15 کورسی) کە یەکێکە لە ناوچەکانی سوننە، لیستی "العقد الوطني" فالح فەیازی سەرۆکی حەشد و "تحالف الخدمات" ی ئەحمەد ئەسەدی، وەزیری کار و سەرۆکی گرووپی "جند الإمام" کە لەگەڵ "کەتیبەکانی ئیمام عەلی" هاوپەیمانە؛ بەشدارییان کردووە، لەکاتێکدا هێشتا روون نییە شوناسی پاڵێوراوەکانیان چین و گوتاری هەڵبژاردنیان بۆ ئەم ناوچە خێڵەکییە سوننەیە چی دەبێت.

لە پارێزگای نەینەواش (29 کورسی)، بەشداری لیستە شیعەکان چڕترە و بە نزیکەیی سەرجەم هێزە شیعەکان لەم پارێزگایە لیستیان هەیە کە بریتین لە: "الحدباء"ی مالیکی، "نصحح" ی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، "الصفوة"ی قەیس خەزعەلی، "الحکمة"ی عەمار حەکیم، "الخدمات"ی ئەحمەد ئەسەدی، "العقد الوطني" فالح فەیازی سەرۆکی حەشد.

لە دیالەش (15 کورسی) کە پارێزگایەکی تێکەڵە سێ بەرەی شیعی بەشداری دەکەن کە "دیالتنا الوطنیة" ی دەوڵەتی یاسا و بەدر، عەقدی فالح فەیازە، هاوپەیمانی "الصفوة"ی خەزعەلی لەگەڵ "خدمات"ی ئەحمەد ئەسەدی و رەوتی حیکمەش بە تەنیا بەشدارە.

هەرچەندە هیچ بڕگەیەکی دەستوور و یاسا رێگا بە جیاکاری شوناس نادات لە بەشداری هەڵبژاردن و پێشتریش لیستە شیعەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەوڵیان داوە چانسی خۆیان تاقی بکەنەوە، بەڵام ئەم کشانەی ئێستایان بۆ پارێزگا سوننەکان جێگەی گومان و لێکدانەوەی جیا جیایە کە یەکێکیان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە سوننەکان یان دەرهێنانی بەرەیە لەژێر پێی لیستە سوننەکان و ئەگەریش ئەوانە نەکرا پەرتەوازەکردنی دەنگدەرەکانیانە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو عورفە سیاسییە باوەیە کە لە پاش 2003 لە وڵاتدا هەیە و حوکمڕانی لەسەر سێکوچکەی نوێنەرایەتی سیاسی شیعە_ سوننە _ کورد، بنەڕەتە هەریەك لە پێگە و ناوچەی خۆیان دا.

یەکێکی دیکە لە مەترسی ئامادەیی بەهێزی لیستە شیعەکان لە پارێزگا سوننە نشینەکان، هەژموونی چەك و نفوزی حەشدی شەعبییە، چونکە بەشێك لەو هێزانە لە پاش شەڕی داعشەوە لەو ناوچانە ماونەتەوە بەتایبەت موسڵ و دیالە و سەلاحەدین و بەوە تۆمەتبارن کە بەشدارن لە دروستکردنی ترس و تۆق و لە چەند ساڵی رابردووشدا پەنجەی تۆمەتیان لەهەندێك گرژی ئەمنیدا بۆ درێژ کرا بەتایبەت لە دیالەو سەلاحەدین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم هەڵبژاردنە ئەگەر لە ناوەندە شیعییەکەیدا بۆ دابەشکردنی پێگەو رۆڵ بێت لەنێوان لایەنەکانی چوارچێوەی شیعی لە ئامادەنەبوونی سەدردا، ئەوا پارێزگا سوننەکان بەجۆرێکی دیکە و دوو جۆر رکابەریی بەهێزی تێدا دەبێت کە ئەوانیش هێزە سوننەکان و شیعەکان لەلایەك و کێبرکێ تووندەکانی ناوخۆی سوننەش لە لاکەی دیکەیە.